## بەش: کارگێڕی کار

## کۆلێژ: بەڕێوەبردن و ئابووری

## زانکۆ: سەڵاحەددین/ هەولێر

## بابەت: بنەماکانی کارگێڕی

## پەرتووکی کۆرس – (ساڵی 1)

## ناوی مامۆستا: محمد عبداللە محمود

## ساڵی خوێندن: ٢٠٢١ - ٢٠٢٢

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| **1. ناوی کۆرس** | بنەماکانی کارگێڕی |
| **2. ناوی مامۆستای بەر پرس** | محمد عبدالله محمود |
| **3. بەش/ کۆلێژ** | کارگێڕی کار /بەڕێوەبردن و ئابووری |
| **4. پەیوەندی** | ئیمێل: mohammed.mahmood@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن : 07501009998 |
| **5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک** | تیۆری: 3<br>پراکتیک: 0 |
| **6. ژمارەی کارکردن** | 12 کاتژمێر |
| **7. کۆدی کۆرس** | |
| **8. پرۆفایەلی مامۆستا** | جگە لەوەی وەک مامۆستا هەوڵی تەواو دەدەم لە پێناو گەیاندنی زانست بە قوتابی و خوێندکارەکانم لە چوارچێوەی زانکۆدا، هەروەها سەرپەرشتی توێژینەوەی ئەکادیمی چەند قوتابیەکیش دەکەم، هەروەها لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنیشەوە هەوڵمداوە زانستە سەرەکیەکەی بواری کارگێڕی و ئابووری بە هاونیشتیمانیان ئاشنا بکەم، ئەمە جگە لەوەی ڕاوێژ و زانیاری بە چەند دام و دەزگایەکی حکومی و کەرتی تایبەت دەدەم سەبارەت بە بەرەو پێشچونی کارەکانیان، لە ئێستاشدا شان بەشانی کاری مامۆستایەتی زانکۆ خەریکی بونیادنانی دوو پرۆژەم بەناوەکانی (MEMORY OF A NATION) کە تایبەتە لە چۆنیەتی ئیدارەدان و هەڵگرتنی بەڵگە نامەو پاراستنی ئەرشیفی نەتەوەیمانە، (TIME CAPSULE) کە تایبەتە بە ئاڕاستەکردنی قوتابیانی دواقۆناغی خوێندن بۆئەوەی پلان بۆ ژیانی داهاتوویان بنوسن و لە کۆتایدا هەڵسەنگاندن بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە بکرێت. |
| **9. وشە سەرەکیەکان** | بنەماکانی کارگێڕی<br>پلاندان ، دامەزراندن، ڕێکخستن، چاودێریکردن، ئاڕستەکردن |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

- خوێندنی کارگێڕی بۆهەموو تاکێکی کۆمەڵگا زۆر گرنگە، چونکە بەڕێوەبردن و کارگێڕی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بوونی هەیە، لە بچوکترین هەتا گەورەترین چالاکی مرۆڤ پێویستی بە کارگێڕی هەیە، کارگێڕی لە ژیانی رۆژانەی تاکەکان و خێزان و کارگەو دامەزراوە دەوڵەتی و نێودەوڵەتیەکان ڕۆڵی هەرەگرنگ دەگێڕیت، بەهۆی ئەم زانستەوە دەتوانرێت وڵاتی زۆر دەڵەمەند و سەرکەوتوو بونیاد بنرێت، تەنانەت ئەگەر لەسەرچاوەی سروشتیشدا هەژار بێت، وەک ژاپۆن، پشتگوێخستنی کارگێڕیش دەبێتە نەهامەتی بۆ وڵاتان، تەنانەت ئەگەر لەسەرچاوەی سروشتیدا زۆریش دەوڵەمەندبن، وەک عێراق.
- لەم کۆرسەدا فێرخواز بەرچاوی بۆ هەنگاوەکانی ژیان و سەرەتایەک لە زانستی کارگێڕی و پە یوەندی بەزانستەکانی ترەوە بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە دەتوانێ بیکاتە نیشاندەرێک کە بەهۆیەوە بەردەوام ڕێگا ون بووەکان بدۆزێتەوە و دەرگا داخراوەکان بکاتەوە.
- کۆرسەکەمان پشت بە کۆمەڵێک بنەما دەبەستێت کە زانایانی بواری کارگێڕی ڕەنگیان بۆ ڕشتووە، هەروەها هەمان زاناکان هەمان بنەماکانیان لەسەر نچینەی چەندین بیردۆز هەڵچنیوە، کە دەکرێت لە ژیانی ڕۆژانەماندا لە کایەی گەورە و بچوکدا سوسیان لێوەربگرین.
- ( ئەم کۆرسە چەندین لایەنی گرنگی تێدایە، لەوانە بنەماکانی کارگێڕی کە پێک دێن لە پلاندان ، دامەزراندن، ڕێکخستن، چاودێریکردن، ئاڕستەکردنبەتەواوی ڕونکراونەتەوە، کە هەر بنەمایەک ) دەتوانێ وەک چرا ڕێگا بۆ بەڕێوەبەر و سەرۆک کارەکان ڕوونبکاتەوە.
- هەرکاتێک فێرخواز زۆر بەباشی بە هاوکاری مامۆستای بابەتەکە زۆر باش زانیاریەکانی کۆرسەکەی وەرگرت، با دڵنیا بێت کە لا ژیانی داهاتوویدا دوای خوێندن و لە ژیانی کارکردنیدا زۆر باش دەتوانێ بەهۆی ئەم زانستەوە سەرکەوتوو بێت و هەلی کاری لە پێش هەمووان‌دا بەڕوودا بکرێتەوە، چونکە فێری کارێک بووە کە هەمووان کاریان پێیەتی.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

هەرقوتابیەک کە لەکۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری وەردەگیرێت، لە هەربەشێک بخوێنێت پێویستە سەرەتایەک دەربارەی زانسەکانی (کارگێڕی و ئابووری و ژمێریار و ئامار بزانێت) چونکە ئەم زانستانە بڕبڕەی بناخەی کۆلێژەکەن، زانستی کارگێڕی لە دێرزەمانەوە ڕاستەوخۆ یان لە پەنای زانستەکانی تر، سودی زۆری بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گەیاندووە، دەوڵەتداری و سەربازی و وەبەرهێنان و بەرهەم هێنان زۆر پشت بە کارگێڕی دەبەستن، بەکورتی (کارگێڕی ئەگەر هەموو شتێک نەبێ لە هەموو شتێکدا هەیە) هەربۆیەش زۆر گرنگە کە قوتابی قوتابخانەی بەڕێوەبردن و ئابووری زانیاریەکی باشی سەبارەت بەبنەماکانی کارگێڕی هەبێت، ئەگەر قوتابی توانی لەوانەکان ئامادە بێت و زانیاریەکان وەک خۆی وەرگرێت و سەرکەوتوانە کۆرسەکەی تەواو بکات، با دڵنیا بێت برگە بە برگەی کۆرسەکەی لە ژیانی داهاتوویدا دێتەوە پێشێ، ژیان هەوراز و نشێوی زۆری تێدایە، زانستی کارگێڕی هۆکارێکە کە دەتوانی لەهەورازەکان داری دەستت بێت و پشتی پێ ببەستی و لە نشێوەکاندا ڕێگا خۆشکەرت بێت و لە تاریکیدا ڕێنیشاندەرت بێت، زانستی کارگێڕی کلیلی تێگەیشتنی هەموو زانستەکانی ترە.

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

پێویستە قوتابی لە کاتی وانەکانی دوانەکەوێت، چونکە دواکەوتنی جگە لەوەی زیانی وەرنەگرتنی وانەکانی بەردەکەوێت، نمرەی بەشداربوونی ڕۆژانەشی لێ کەمدەکرێتەوە، هەروەها قوتابی نابێ لە ژێر هیچ پاساوێکدا بەشداری لە تاقیکردنەوەدا نەکات، هەرقوتابیەک بەبێ مۆڵەتی مامۆستا بەشداری تاقیکردنەوە نەکات، سفر لەوانەکەیدا وەردەگرێت، مۆڵەتیش لەم کاتانەدا وەردەگرێت:

١- ئەگەر خوانەکردە خزمێکی پلە یەکی قوتابی کۆچی دوایی بکات، وەک (دایک، باوک، خوشک، برا، هاوسەر، منداڵ) .

٢- ئەگەر قوتابی نەخۆشبێت و ڕاپۆرتی پزیشکی بێنێت

هەر ئەرکێکی مامۆستا دای بە قوتابیەکانی پێویست جێبەجێی بکەن لە پێناوی بەرەوپێشچونی ئاستی فێربوونی قوتابیەکان.

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

مامۆستا بە نوێترین ئامێرەکانی سەردەم لە داتا شۆ و سپیکەر و پرۆژێکتەری سمارت و ڤیدیۆی رونکاری و هێنانی خەڵکی تایبەتمەند، هەروەها بەکارهێنانی تەختەی سپی و قوتابی مافی ئەوە سەرچاوەکانی وانەکەی لای مامۆستا دەست کەوێت.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

لە میانەی ساڵی خوێندنەکەدا قوتابی ٢ تاقیکردنەوە دەکات یەکێکیان لە نیوەی یەکەمی کۆرسەکەدا، دووەمیشیان لە نیوەی دووەمی کۆرسەکەدا دەبێت، ئەگەر قوتابی لە یەکێک لە تاقیکردنەوەکاندا باش نەبوو یان لە هەردووکیاندا باش نەبوو دەتوانێ بەهۆی ئامادەکردنی (پریزەنتەیشن) ێکی باشەوە تۆزێک لە باری نمرە خراپەکانی باشتر بکاتەوە.

نمرەکان بەمشێوە دابەشدەکرێن

١٥ نمرە لەسەر هەریەک لە ٢ تاقیکردنەوەیە

١٠ نمرە لەسەر هەڵسوکەوت و ئامادەکردنی وانە و ئامادەبوونی ناو هۆڵی خوێندنە.

ئەگەر قوتابی (پریزەنتەیشن)ی کرد ئەوا دەخرێتە سەر یەک لەسەر سێی تاقیکردنەوەکان.

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

- بە شێوازێکی سەرەتایی تێگەیشتن لە مانا و پێناسەی چەمکی کارگێری
- گەڕانەوە بۆ سەرهەڵدانی ئەم دەستەواژەیە و مێژووەکەی و ئەو قۆناغانەی کە پێیدا تێپەڕیوە
- تێگەیشتن لە چەمکی هەڵسوکەوتی بەڕێوەبەر و بەڕێوەبراو
- تێگەیشتن لەسیستەمی زانیاری کارگێری و توێژینەوەی بەڕێوەبردن و شێواز و ئامرازەکانی کۆکۆدنەوەی داتا
- تێگەیشتن لە چەمکەکانی کارگێری (پلاندان، ڕێکخستن، دامەزراندن، ئاڕاستەکردن، چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن)
- تێگەیشتن لە چۆنیەتی دانانی پلانی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردن
- شیکردنەوەی قۆناغەکانی بەڕێوەبردن
- ڕێوشوێنەکانی گونجاندن و بەرەوپێشبردن و داهێنان لە بەڕێوەبردندا

**16. لیستی سەرچاوە**


- برنوطي، سعاد نائف، الادارة، ٢٠٠١.
- بوحوش، عمار، نظريات الادارةالحديثة في القرن ٢١، ٢٠٠٦.
- حريم، حسين، مبادئ الدارة، ٢٠٠٦.
- الدهان، اميمة واخرون، المفاهيم الادارة الحديثة، ٢٠٠٥.
- الشماع، خليل محمد حسن، مبادئ الادارة باتركيز على الادارة الاعمال، ٢٠٠٧.
- احمد بن الشميمري واخرون، ٢٠٠٤ ، مبادئ الادارة الاعمال (الاساسيات والاتجاهات الحديثة)، دار وائل للنشر والتوزيع، الأردن، عمان .
- العامري، صالح مهدي محسن والغالبي، طاهر محسن منصور، الادارة و الاعمال، ٢٠٠٨.
- عباس، علي، اساسيات علم الادارة، ٢٠٠٤.
- شوقي ناجي جواد، ٢٠١١، المرجع المتكامل في إدارة الأعمال، دار الحامد للنشر و التوزيع.
- توفيق محمد عبد المحسن، (٢٠٠٢)، تقييم الأداء، توزيع، دار الفكر العربي، دار النهضة العربية.
- جميل احمد توفيق، (١٩٨٦)، إدارة الأعمال، مدخل وظيفي، دار النهضة العربية، بيروت، لبنان.
- https://www.youtube.com/watch?v=d6N2A_VkbqE
- https://www.youtube.com/watch?v=BpkPYmTDQIc
- https://www.youtube.com/watch?v=Wqs6zo2AiDo
- https://www.youtube.com/watch?v=lj7ZnyskZuA&list=PLesgViD0jhW-Ydpei3GnpoUwUGbLg50-G
- https://www.youtube.com/watch?v=dLUb62LLX9o


| | |
|---|---|
| **17. بابەتەکان** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ**<br>**م. محمد عبدالله محمود** |

| | |
|---|---|
| | ناوی مامۆستا: محمد عبدالله محمود |
| **بەشی یەکەم: پێشەکی**<br>تێگەیشتنێک لە زانستی کارگێڕی. | 2021/11/19 (3) کاتژمێر |
| **بەشی دووەم:**<br>دەروازەکانی دیراسەکردنی کارگێڕی. | 11/26/2021 (3) کاتژمێر |
| **بەشی سێیەم:**<br>ئایا کارگێڕی زانست و هونەرە؟ | 12/3/2021 (3) کاتژمێر |
| **بەشی چوارەم:**<br>پەیوەندی کارگێڕی بە هەموو زانستەکانی تر. | 12/10/2021 (3) کاتژمێر |
| **بەشی پێنجەم:**<br>جۆرەکانی بەڕێوەبەر بە پێی ئاستەکانی ڕێکخستن. | 12/17/2021 (3) کاتژمێر |
| **بەشی شەشەم:**<br>توانا و ڕۆڵەکانی بەڕێوەبەر. | 12/24/2021 (3) کاتژمێر |
| **بەشی حەوتەم:**<br>کارگێڕی لەسەردەمی ئیسلامدا. | 12/31/2021 (3) کاتژمێر |
| **بەشی هەشتەم:**<br>قوتابخانە کلاسیکیەکان. | 1/7/2022 (3) کاتژمێر |
| **بەشی نۆیەم:**<br>قوتابخانە هەڵسوکەوتیەکان. | 1/14/2022 (3) کاتژمێر |
| **بەشی دەیەم:**<br>رەوتە هاوچەرخەکانی بەڕێوەبردن و ئەو ئاستەنگانەی کە دێنە پێشی. | 1/21/2022 (3) کاتژمێر |
| **بەشی یانزەهەم:**<br>چەمکەکانی ئامانج و جۆرەکانی. | 1/28/2022 (3) کاتژمێر |
| **بەشی دوانزەهەم:**<br>تیۆری کارگێڕی بە ئامانج. | 2/4/2022 (3) کاتژمێر |
| **بەشی سیانزەهەم:**<br>پلانی ستراتیژی و پلانی وردەکاری. | 2/11/2022 (3) کاتژمێر |
| **بەشی چواردەم:**<br>تایبەتمەندیەکانی پلانی کاراو لایەنە بەهێزەکانی. | 2/18/2022 (3) کاتژمێر |
| **بەشی پانزەهەم:**<br>تێگەیشتنە قوڵەکان لە کرداری وەرگرتنی بڕیار. | 2/25/2022 (3) کاتژمێر |
| **بەشی شانزەهەم:**<br>هەنگاوەکانی وەرگرتنی بڕیار. | 4/1/2022 (3) کاتژمێر |
| **بەشی حەڤدەهەم:**<br>جۆرەکانی بڕیاری بڕیاری کارگێڕی. | 4/8/2022 (3) کاتژمێر |
| **بەشی هەژدەهەم:**<br>بەشداریکردن لە وەرگرتنی بڕیار. | 2022/4/15 (3) کاتژمێر |
| **بەشی نۆزدەهەم:**<br>ئاڕاستەکردن. | 2022/4/22 (3) کاتژمێر |
| **بەشی بیستەم:**<br>چاودێریکردن. | 2022/4/29 (3) کاتژمێر |

| | |
|---|---|
| 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
| | |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**1. دارشتن:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.
لەگەڵ وەڵامی نموونەییان
نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت

**2. راست وچەوت:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**3. بژاردەی زۆر:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**20. تێبینی تر**

زانستی کارگێری ئەگەر هونەری لەگەڵ نەبێت وەک لاشەیەکی بێگیان وایە، هونەرەکەش کاتێک بەدەردەکەوێت کە زانستەکە لە ژیانی ڕۆژانەماندا پراکتیک بکەین، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە زانستی کارگێری هەموو کون و کەلەبەرەکانی ژیانی داپۆشیوە، وتراوە (ئیدارە ئەگەر هەموو شتێک نەبێ لە هەموو شتێکدا هەیە).

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

زۆر بە وردی ناوەڕۆکی سەرجەم کۆرسبوکەکەم خوێندەوە، ئەوەی من بینیم بەشێوەیەکی گشتی بنەماکانی کارگێری باسکردووە، هەروەها زۆر بە وردی بابەتەکەی دابەشکردۆتە سەر هەفتەکان و کاتژمێرەکانی وانە وتنەوە، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانم پشتیوانی بکەم کە کۆرسبوکەکە بەشێوەیەکی زۆر زانستی داڕێژراوە.

م. ئاوارە بختیار رسول